ئەنجوومەنی راژەی عێراق دەرچوانی بەش پزیشکییەکان دادەمەزرێنێت

ئەنجوومەنی راژەی عێراق رایگەیاند، بەیار دراوە نزیکەی ٩٠٠ دەرچووی بەش پزیشکییەکان دابمەزرێندرێن.

ئەمە پێنجشەمە، ئەنجوومەنی راژەی عێراق رایگەیاند، بە بەیاری ژمارە ١٨٤ی ساڵی ٢٠٢٢ی ئەنجوومەنی وەزیران، بەیاریانداوە ٨٧٩ دەرچووی یەکەمی بەشی پزیشکی دابمەزرێنن.

ئاماژەی بۆش کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی داتا و زانیاری سەرجەم ئەو کەسانەی بەیارە دابمەزرێندرێن تەواو دەکات.

ئەنجوومەنەکە جەختی لەوەش کردەوە، بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی راستەوخۆ بە دامەزراندنیان هەفتەی داهاتوو سەرجەم ئەولەویاتەکانی ئەو خوێندکارانە رادەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە، لە مانگی رابردوودا وەزارەتی دارایی عێراق رایگەیاند، رێکارەکانی دامەزراندنی زیاتر لە ٤٥ هەزار دەرچووی بەشی پزیشکی و تەندروستی و پەرستاری تەواوکراوە.

بەیاری دامەزراندنی ئەو خوێندکارانە لەکاتێکدایە ساڵانە خوێندکارە دەرچووەکانی هەرەمی کوردستان

بۆ دامەزراندن خەپەشاندان ئەنجام دەدەن.